وەزارەتی دەرەوەی عیراق گەڕاندنەوەی پارچە شوێنەوارەکی مێژوویی راگەیاند

وەزارەتی دەرەوەی عیراق گەڕاندنەوەی پارچە شوێنەوارەکی مێژوویی راگەیاند، کە [illegible] لە بەریتانیا پارێزراو بووەو مێژووەکەی بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری دەگەڕێتەوە.

وەزارەتەکە لە راگەیەندراوەکەدا کە ئاژانسی "موتەڵەع" بەدواداچوونی بۆ کردووە بڵاویکردەوە، هاوکات لەگەڵ کردنەوەی سەنتەری رۆژنبیریی عیراقی لە لەندەن-ی پایتەختی بەریتنایا، باڵیۆزخانەی عیراق لەو وڵاتە، پارچە شوێنەوارەکی مێژوویی رادەستکرایەوە، کە پێشتر لە بەریتانیا پارێزراو بوو.

وەك لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە، پارچە شوێنەوارەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان (883 - 859 پ.ز)، کێشی 333 کیلۆگرامە، بەرزییەکەی (115 سم) و پانییەکەشی (110 سم)ە، بەشێك بووە لە تابلۆیەکی گەورەتر کە شوێنی شاهانەی لە کۆشکی نەمرود پێ رازێندرابووەوە.

وەزارەتی دەرەوەی عیراق ئاماژەی بەوەکردووە، گەڕاندنەوەی ئەو پارچە شوێنەوارە مێژووییە لەچوارچێوەی هەنگاوەکانی حکومەتی فیدراڵ دێت بۆ گەڕاندنەوەی سەرجەم شوێنەوارە دزراوەکان لەپێناو

پتە□وکردنی پ□گ□ی ر□شنبیریی عیراق ل□س□ر گ□□□پانی ن□ود□و□□تی.